زانکۆی سەڵاحەدین -هەولێر
سەنتەری پەروەردەی پێشەنگکاری سەڵاحەدین

# پەروەردەی پێشەنگکاری

2024 -2023



پەروەردەی پێشەنگکاری

# خوێندنی بابەتەکان بە گوێرەی هەفتەکانی وەرز

- هەفتەی یەکەم: پیشەنگکار، پێشەنگکاریی لە کۆمەڵگەدا.
- هەفتەی دووەم: جۆرەکانی پێشەنگکاریی، پیشەنگکار، تایبەتمەندییەکانی کەسی پێشەنگکار.
- هەفتەی سێیەم: عەقڵیەتی پێشەنگکار، سوود و ئاڵەنگاریەکانی بوون بە پێشەنگکار، پەروەردەی پێشەنگکاریی.
- هەفتەی چوارەم: گرنگی پەروەردەی پێشەنگکاریی، قوتابی پێشەنگکار.
- هەفتەی پێنجەم: مامۆستای پێشەنگکار.
- هەفتەی شەشەم: دروستکردنی بیرۆکەی کار (چالاکی دروستکردنی تاوەر).
- هەفتەی حەفتەم: کارامەیی بیرکردنەوەی قوڵ، کارامەیی کارکردن بە کۆمەڵ.
- هەفتەی هەشتەم و نۆیەم: فێربوون لە ڕێگەی گرفت و دروستکردنی بیرۆکەی کار.
- هەفتەی دەیەم و یازدە: دروستکردنی کۆمپانیای قوتابی.

# هەڵسەنگاندن

- بەشداری لە گفتوگۆکانی ناو پۆل : ١٠ نمرە
- ئەرک و واجبەکانی دەرەوەی هۆڵی خوێندن: ١٠ نمرە
- نوسینی کۆنووس: ٥ نمرە
- ڕاپۆرتی بەرایی: ١٥ نمرە
- تاقیکردنەوەی وەرزی: ٢٠ نمرە
- تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز: ٤٠ نمرە

# چەمكی پێشەنگكاریی

- چەمكی پێشەنگكاریی لە زمانی كوردیدا


❖پێشەنگكاریی لە (پێشەنگ) و (كار) = پێشەنگبوون یان كارساز

❖بەڵام وەرگێرانێكی ورد و دروست نیە چونكە پێشەنگكاریی جیایە لەگەڵ بزنسێكی ئاسایی.

❖دەبێ داهێنان، نوێگەری، دەستپێشخەری.

❖پێناسەی پێشەنگكاریی: بریتییە لە گەڕان و دروستكردن و هەڵسەنگاندنی بەردەوامی دەرفەتێكی كار، پاشان دروستكردنی بزنسێكی بچووك یان مام ناوەند، بەمەبەستی قازانج و سوودی دارایی و پێشكەوتن و گەشەسەندنی ئابووری و بووژانەوەی كۆمەڵگە بە دابینكردنی.

پەروەردەی پێشەنگکاری




پەروەردەی پێشەنگکاری



پەروەردەی پێشەنگکاری







# گرنگی پێشەنگکاریی

- ❖هەمیشە نوێبوونەوە دەدات بە گشت بوارەکانی ژیان.
- ❖سەرجەم بەرهەم و خزمەتگوزارییە کۆنەکان نوێدەکاتەوە بە شێوەی سەرنجراکێش.
- ❖بەرگ و ناوەڕۆکیکی نوێ دەبەخشێتە هەموو خزمەتگوزارییەک
- ❖پێمان دەڵێت سەرەتا چۆن بەرهەمێک لە دایک دەبێت و دێتە کایەوە
- ❖چۆن دەرفەتەکان دەدۆزرێتەوە، دروست دەکرێن، چۆن بەرهەمێکی مانادارو بەرهەمدێت.

# ئەرکی پێشەنگکاریی لە ئەمڕۆدا

- ❖کەمکردنەوەی گرفت لە کۆمەڵگەدا.
- ❖لە گرفت ڕاناکات بەڵکو بەدوایدا دەگەڕێت.
- ❖هەر گرفتێکی = بە داهێنانێکی نویێ.
- ❖پیشەنگکاری داینەمۆی سەرجەم نوێگەری و گۆڕانکاریەکانە.
- ❖پێشە نگکاری هەمیشە دونیا بە نوێیی دە هێڵێتەوە، بوێریی لەکردار دەهێنێتە پێشەوە.
- ❖لە پاڵ داهێنان و نوێگەری دەبێ درێژخایەن بێت و دوور مەودا بێت، لەمانەش گرنگتر دۆستی ژینگەبێت.
- ❖ پێشەنگکاری، کاردەکات لەسەر تێکشاندنی شێوازی کۆن و دانانی نوێگەریی لەجێیدا.

پەروەردەی پێشەنگکاری

# ڕۆڵ و پێگەی پێشەنگکاریی لە کۆمەڵگەدا

❖ ڕۆلێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە کۆمەڵگەدا چونکە:-

❖بەرزکردنەوەی ڕیژەی هەلی کار بۆ ئاستێکی بەرز، ئەویش لە ڕێگای کارگەی نوێ، بازاڕی نوێ، تەکنەلۆژیای نوێ، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە بۆ بەرزبوونەوەی داهاتی خەڵك و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری

❖حکومەت دەبێتە خاوەن سیسەتێکی ئابووری سەربەخۆی سەرکەوتوو، ئەمەش دەبێتە هۆی چارەسەر بوونی هەندێك کێشەی وەك (دزی کردن، کۆچ کردنی گەنجان بۆ دەرەوە، دەستکەوتنی پرۆژەی نوێ بۆگەنجان، پێشکەوتنی سەرجەم کەرتەکانی وەك گەشتیاری، پیشەسازی، کشتوکاڵی).

❖تاك دەبێتە هەڵگرە کۆمەڵێك کارامەیی.

❖لە هەموو ئەمانەش گرنگتر دابینکردنی ئاسایشی خۆراك.

❖ژینگە پارێزی دەچێتە قۆناغێکی تر، چونکە

پەروەردەی پێشەنگکاری

# جۆرەکانی پێشەنگکاریی

ئامانج

*پۆلێنکردنی جۆرەکانی پیشەنگکاریی

*پێناسەکردنی هەریەک لە جۆرەکان

*ڕوونکردنەوەی ئەرک و سوودی هەریەکەیان



# جۆرەکانی پێشەنگکاریی

پێشەنگکاریی کۆمەڵایەتی

پێشەنگکاریی بزنسی بچووک

پێشەنگکاری کۆمپانیای گەورە

پێشەنگکاریی نوێ و لەبار بۆ گەشەسەندن

پەروەردەی پێشەنگکاری

# پێشەنگکاریی بزنسی بچووک

❖ئەم جۆرە پێشەنگکارییە ئامانجی تەنها دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانێک یان چەند خێزانێک، لە ڕێی پاڵپشتی خێزانی یان قەرزی کۆمپانیاوە، لەم جۆرە کارانەدا دەتوانرێ کەسانی دۆستی نزیک، یان ئەندامانی خێزان وەکو کارمەند کاربکەن، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم جۆرە بزنسە مەبەسی ئەوە نیە ببێتە بزنسێکی گەورە و قازانجێکی زۆربکەن، ئەم جۆرە پێشەنگکارییەدا پێویستی بە کارامەییەکانی وەک (ژمێریاری، بەڕێوەبردن، بە بازاڕکردن) هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستی بە ڕێکخستن و بەرەوپێشبردن و بەڕێوەبردن هەیە، لەگەڵ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاری و گرفتەکانی بزنس.

❖ئەم جۆرە پێشەنگکارییە نابێ بە بچووک سەیربکرێت چونکە:-

❖لە ئەمریکا 99.7% کە دەکاتە 50% کرێکاری ناحکومی خستۆتە سەرکار

## نموونەی ئەم جۆرە پێشەنگکارییە

- ❖دوکانێک شتومەک بە تاک بفرۆشێت
- ❖دوکانی سەوزە و میوە
- ❖سەرتاشخانە، بۆڕیچی، کارەباچی، چایخانە، نانەواخانە، چێشتخانە، وەرگێڕ، ئۆفیسی گەشتە ئاسمانییەکان، دیزاینەری سەربەخۆ، ڕستن و چنینی ناوچەیی.

# پرسیار بۆ قووڵبوونەوە

ئایا هەموو کەسێک دەتوانێت کارێکی خۆی هەبێت؟ بۆچی؟

ئایا خاوەن کاری گەورە پێویستە ئامانجیان هەبێ؟ چی بێت؟

ئایا ئاسانە کارێکی بچووکی خۆت هەبێ و فراوانی بکەی؟

پەروەردەی پێشەنگکاری

# پێشەنگکاریی نوێ و لەبار بۆ گەشەسەندن

❖ئەم جۆرەیان مەبەستی جیایە لەوەی پێشوو، چونکە ئەم جۆرە پێشەنگکارییە دەیەوێت لە داهاتوودا ببێتە براندێک، بەشێوەیەکی گشتی لە کارێکی بچووک و سادەوە دەستپێدەکات پاشان بەهۆی پلانی درێژخایەن و دوورمەودا بزنسەکە فراوان دەکرێت، واتە لە ڕێگای پلانێکی ستراتیژی تۆکمە پەرە بە بزنسەکە دەدرێت.

❖بە بوونی بیرۆکەی نوێ و ئەنجامدانی سەرکێشی و گەڕان بەدوای داهێنان و نوێگەری.

❖هەندێکجاریش سەرمایەداران پاڵپشتی ئەم جۆرە بیرۆکانە دەکەن، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم جۆرە پێشەنگکارییانە ئامانجیان ئەوەیە گۆڕانکاری گەورە و ڕیشەیی لەسەر ئاستی جیهان، پاشان بەدەستهێنانی قازانجی زۆرفراوانکردنی خێرا.

❖نموونە: بە بازاڕکردنی ئۆنلاین وەک (ئەمازۆن، مەکدۆناڵد، فیسبووک و ئینستاگرام).

❖ جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە چیە؟ کامیان بۆ قوتابی گونجاوە؟ بۆچی؟

# پرسیار بۆ قووڵبوونەوە

جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە چیە؟

کامیان بۆ قوتابی گونجاوە؟

بۆچی؟